www.kurdistannet.org
13-8-2004 13:23

# خەرمان بەرەکەت... ئیسماعیل خورماڵی

xurmaly@yahoo.de



*بەختەوەرم گەر بتووانم مینا باران،
خورەمێک بە زمان و ئەدەب ی نەتەوەکەم بەخشم *
ئازیزان زۆرن ئەو ماڵانەی، هەنوکە پڕن لە پەروانەی ڕەنگ و
پڕن لە ماسی ووشە و،پڕن لە بەرسیلەی دەربڕین..
پڕن لە هەڵگۆزانی خێر و شەڕ،پڕن لە هەڵکشان و ڕاکشان
پڕن لە هەڵگۆزان وداڕژان،پڕن لە سەوزایی ڕووانین..
لێ ڕووانینێک..
شیرین ترە،وەکو باران گوڵ بهێنێ و
وەکو بەفر زەردەخەنەی هەتاو بێنێ!!!
بەڵێ ئازیزان پێم خۆشە لێرەوە،دەرحەق بە ماڵی ئەم سایتەش
عەینە مەلی ئەم ووشانە هەڵفڕێنم..ئەو ووشانەی لە بارانا چەتر و
لە سێبەردا خۆرەتاون،،لە خوێنا سەبوری و..
لەبەر چەقۆی تازە هەسانشدا،
دەکرێ بڵێن ملی شاخن!!!
ئەزیزان خۆزگە هەمووان..چاومان دەدایە بەهاری یەک بوون و
ئاوێنەی پایزمان وە ڕویەکدا هەڵنەدەگرت،،لە مەوجەکانی یەک تورڕنەدەبووین وبوختانمان وە دەم پەروانەکانی یەکەوە نەدەکرد
خۆزگە وەک با،..شەڕمان نەدەپێچایە چڵی یەکتر..
مینا چەتوونی زارۆکان،بەردمان نەدەگرتە پەنجەرەی چۆلەکەکان
نە دەبووین بە قولاپ و،
لەسەر ڕێی ماسییە نارنجیەکاندا نەدەبووین بە نارنجۆک!!!!
ئەزیزان دوا جار وەرن با هەمووان بڵێن
ئاوەدان بێت
ماڵی ڕەنگەکان،
قۆڵتر بێت ئاسمان بۆ فڕینی خۆشەویستی ووشەکان،
سەوزتر بێت ماچی قەڵەم و کەناڵەکان،
ڕۆشنتر بێت مانگەشەوی تەوقەی ڕۆژنامەکان،
دووا جار سڵاو لە ماڵ و لە ڕەزی هەر کەناڵێ
خۆشەویستی و
خۆشەویستی و
خۆشەویستی ئەدەبمان پێ دەبەخشێ